قاسم ئەعرەجی: ئارامی و ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و تەواوی ناوچەکانی عێراق پێکەوەی گرێدراوە



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ قاسم ئەلئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق کۆبوونەوە.

سەرکایەتی هەرێم باڵوێکردەوە

لە کۆبوونەوەکەدا دڵخۆشی ئەمنیی عێراق و مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆر و ئەو ئاڵنگارییانەی لەبەردەم ئەنجامی لێکەوتەکانی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە، ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە، تاوتوێ کران.

هەردوولا جەختیان لەسەر گرنگیی هاریکاری و هەماهەنگیی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری ئەمنیدا و بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی ئەمنییەکان کردەوە و هاوڕا بوون لەسەر پێویستیی هاریکاریی هەموو لایەنەکان بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی وڵات.

سەرکی هەرێمی کوردستان، سوپاس و پێزانینی بۆ ئەرك و ڕۆڵی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و تیمەکەی و هەماهەنگی و هاوکارییان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەو خزمەتەی لەبواری ئەمنی و پاراستنی سەقامگیریدا ئەنجامی دەدەن، دەربڕی.

لای خۆیەوە ئەعرەجی دووپاتی کردەوە کە ئارامی و ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و تەواوی ناوچەکانی عێراق پێکەوە گرێدراوە و ستایشی نیشتمانییانەی نێچیرڤان بارزانی کرد لە لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان و هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.